# دیکتاتۆری فاشیستی ئیتالیا

## مۆسۆلۆنی: رابەر هیچ کەس بەمەحرەمی رازەکانی خۆی نازانێت

(بەشی دووەم) لە فارسییەوە: مەجید مارابی

IDEA DEPLOMATIC



مۆسۆلۆنی

(6)

**جەنگی جیهانی یەکەم**

مۆسۆلۆنی هەروا بێباکانە مەیلی خۆی بۆ بەشداریکردنی ئیتالیا لە جەنگدا دەردەبڕی، حکومەتی ئیتالیای سیبەریش هەمان نەخشەی لە سەردا بوو. ئیتالیا چاوەڕوان بوو بزانێت کام لایەنی جەنگەکە دۆخێکی باشتری بۆ دەستەبەر دەکات لە بەرامبەر بەشداریکردنی لە جەنگدا.

لە (26)ی ئاپریلی (1915)دا ئیتالیا رێکەوتننامەی لەندەنی لەگەڵ هاوپەیمانان(روسیا، فەرەنسا و بەریتانیای مەزن) ئیمزا کرد. ئەو رێکەوتننامەیە لە جیاتی بەشداریکردنی ئیتالیا لە جەنگدا قەڵەمڕەوێکی گەورەتری دەخستە ژێر فەرمانڕەوایی ئیتالیاوە وەک لەوەی دەوڵەتانی میحوەر پێیاندەدا.

بەمپێیە لە رۆژی (24)ی مانگی ئایاردا ئیتالیا بە پشتیوانیکردن لە هاوپەیمانان چووە ناو جەنگەکەوە و جەنگی بەرامبەر بە نەمسا – هەنگاریا راگەیاند. مۆسۆلۆنی کە لە رێکەوتننامە نهێنیەکە بێئاگا بوو، ناچارکردنی حکومەتی ئیتالیای بە چوونە ناو جەنگ و پشتیوانیکردن لە هاوپەیمانان بە شانازیەکی گەورە بۆ خۆی لەقەڵەم دەدا. دەیوت ئاگاردارکردنەوەکانی ئەو سەربارەت بە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی کاریگەری لە سەر بەشداریکردنی حکومەتی ئیتالیا لە جەنگدا داناوە و زۆربەی خەڵکیش بڕوایان بە قسەکانی دەکرد.

لە (31)ی ئابی (1915)دا مۆسۆلۆنی بانگهێشتی خزمەتی سەربازی کرا، لە حەقدەی سیپتەمبەردا ئەویان رەوانەی هێڵی پێشەوەی جەنگ کرد. سەربازەکان رووبەڕووی

دۆخێکی ترسناک بیوونەوە. هەوا سارد و شێداربوو، ئەو سەنگەرانەی کە جەنگیان تێدا دەکرد پڕ بوو لە ئەسپێ، سەرباری سەختیەکانی بەرەی جەنگ مۆسۆلۆنی زۆربەی کاتەکانی سەربازیەکەی لە بەرەی جەنگدا بەسەربرد، هاوسەنگەرەکانی زۆر خۆشیان دەویست و بە زوویی پلەکەی بەرزکرایەوە.

سەرباری ئەوەی لە گەرمەی هەڵمەتدا بوو، لە رۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا بە بەردەوامی دەینوسی، لە یانزەی نۆڤەمبەردا نامەیەکی ئایدا دالسێری بە دەست گەیشت.

ئایدا لەدایکبوونی کوڕەکەیانی بە ئاگاداری ئەو گەیاندبوو کە ناوی (بنیتۆ ئالبینۆ)ی لێنابوو، مۆسۆلۆنی ماوەیەکی کورتی دوای وەرگرتنی نامەکە بە هۆی ژەهراوی بوونەوە نەخۆش کەوت. دوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشخانەی سەربازی، سێ رۆژ پشووی وەرگرت و گەڕایەوە فۆرلی و لە شانزەی دیسەمبەری (1915)دا لەگەڵ راکلە هاوسەرگیری کرد، سیپتەمبەری ساڵی دواتر منداڵی دووەمیان واتا (ڤیتۆریۆ) لە دایکبوو.

مۆسۆلۆنی پاش ماوەیەکی کورتی دوای هاوسەرگیری لەگەڵ راکلە سەردانی میلانی کرد، ئەگەرچی لەگەڵ دالسێر هاوسەرگیری نەکردبوو، لەوێدا بە ناوی ژن و مێردەوە ژوورێکیان لە هۆتێلێک وەرگرت. مۆسۆلۆنی دوای تێپەڕاندی ماوەیەک لەگەڵ ئەودا و چاوپێکەوتنی کوڕەکەی گەڕایەوە بەرەی جەنگ.

دواتر دیدارەکانی لەگەڵ دالسێر سەخت بووەوە، ئەگەرچی مۆسۆلۆنی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی ژن و منداڵەکەی پارەی بۆ دالسێر دەنارد، بەڵام ژنەکە پێی رازی نەدەبوو. لە تەموزی ساڵی(1916)دا، داواکاریەکی ئاراستەی دادگاکرد بە مەبەستی داواکاری نەفەقە(واتا ئەو پارەیەی کە دوای تەڵاق بە منداڵ دەدرێت) دالسێر نوسینگەی تۆمارکردنی هۆتێلەکەی بە بەڵگەیەک بۆ هاوسەرگیریەکەی لەگەڵ مۆسۆلۆنی هێنایەوە. سەرباری ئەوەی

زۆرێك لە ئیتالیەکان بۆ چارەسەری کێشەکانیان روویان کردە پارتی فاشیست و، مۆسۆلۆنی ئامانجەکانی پارتەکەی بە پەرەپێدانی تۆقاندنی خەڵك پێشخست

دادگا هاوسەرگیریەکەیانی قبوڵ نەکرد، بەڵام فەرمانی بە مۆسۆلۆنی کرد پارەیەکی زیاتریان پێبدات. مۆسۆلۆنی تورە بوو، بەڵام سەرپێچی بڕیارەکەی دادگای نەکرد، سەرباری ئەوەش لەوە بەدواوە پەیوەندی لەگەڵ دالسێر و کوڕەکەی کۆتایی پێهات.

بەهاری ساڵی دواتر بە قوڵی لە جەنگدا بریندار بیوو، سەبارەت بەوەی کە چی روویدابوو، تەنانەت گێڕانەوەکانی مۆسۆلۆنیش پێکەوە ناکۆکن. لە گۆڤاری جەنگی خۆیدا نوسی، پارچەیەکی کەرەستەی جەنگی گەرمکردوە و بە هۆیەوە تەقیوەتەوە و دوو کەس کوژراون و خۆی و چوار کەسی دیکەش بەسەختی برینداربوون. لە ژیاننامەکەشیدا نوسیویەتی برینەکانی بە هۆی تەقینەوەی نارنجۆکەوە بووە.

پزیشکەکان بە سەبر و حەوسەڵەو لێزانییەوە توانیان چل و چوار پارچەی نارنجۆک لە جەستەم دەربکەن... ئازارێکی ترسناکم و وەسفهەڵنەگرم هەبوو... لە ماوەی یەک مانگدا (27)جار نەشتەرگەریم بۆکرا، تێکڕای نەشتەرگەریەکان جگە لە دووانیان نەبێت بە بێ بەنجکردن بوو.

سەرباری ئەوەی مۆسۆلۆنی لە ژیاننامەکەیدا سەبارەت بە بارودۆخی خۆی ئیغراقی کردوە، برینەکانی جدی بوون و مانگی تەموز لە خزمەتکردن لە سوپادا بەخشرا. سەرقاڵی کارکردن لە رۆژنامەکەیدا بوو و بابەتی زۆری بۆ نوسین هەبوو، سوپای ئیتالیا بە هۆی لێنەهاتوویی فەرماندەکانییەوە بە بەردەوامی رووبەڕووی شکست دەبووەوە. مۆسۆلۆنی نوسیبووی سوپای ئیتالیا بە هۆی ئەوەوە شکست دەهێنێت کە فەرماندەکانی بەنهێنی دژی جەنگن. ئەو پەرلەمانی ئیتالیا و سەرکردەکانی دیکەشی بە هۆکاری زیانەکانی جەنگ تۆمەتبار کرد و هیچ ترسێکی لە دەرەنجامی رەخنەکانی نەبوو. مۆسۆلۆنی بەنیاز بوو پەرلەمان و سەرکردەکانی وڵات جگە لە یەک کەسیان نەبێت بسڕێتەوە. ئەو بڕوای وابوو کە ئیتالیا پێویستی بە سەرکردەیەک هەیە کە هەیمەنە و شکۆ بگەڕێنێتەوە بۆ وڵات، دەشیویست خۆی ببێتە ئەو سەرکردەیە.

(7)

**بڵاوکردنەوەی پەیامی ترس**

خەڵکی ئیتالیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا توشی زیانێکی گەورە و ترسناک بوون، زیاتر لە (600)هەزار سەربازیان لە جەنگدا لە دەستدا و زیاتر لە یەک ملیۆن کەسیش بریندار بوون، تەنانەت دوای ئەوەی جەنگ لە یانزەی نۆڤەمبەری ساڵی (1918) تەواو بوو، ئازارەکانی ئیتالیا هێشتا بەردەوام بوو.

ئەگەرچی هاوپەیمانان براوەی جەنگ بوون، ئیتالیا سەرباری ئەو پەیماننامە نهێنییەی کە لەگەڵ فەرەنسا و روسیا وبەریتانیای مەزن ئیمزای کردبوو، لە زۆربەی دەستکەوتەکانی جەنگ بێبەش بوو. مۆسۆلۆنی وەکو زۆربەی ئیتالیەکان هەستی دەکرد خیانەتیان پێکراوە، ئەو زۆر تورە بوو لەوەی وەک پێویست ئیتالیا کۆڵۆنیاڵی بەرنەکەوتووە و لە

ڕۆژنامەکەیدا توڕەیی گشتی بڵاودەکردەوە خەڵکی و هاندەدا.

چەندین گروپ لە کۆنە سەربازەکانی جەنگیش لە ناو ئیتالیە نارازیەکاندا بەرچاو دەکەوتن کە ناویان ئاردیتی بوو. ئەندامانی ئەو گروپە توندڕەوە شەڕخوازە دژی سۆسیالیزم بوون و بەرەو فاشیزم راکێشران. بەرنامەی حزبی فاشیست لە سەر بنەمای پشتیوانی خاوەندارێتی حکومەت بەسەر سامانە نیشتمانیەکان، سەرنجی کۆنە سەربازەکانی راکێشا. سۆسیالیستەکان بەو هەوڵویستەیان کە کۆنە سەربازەکان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، لەلایەن چینە باڵاکانەوە بەکارهێنراون و رەوانەی جەنگ کراون، بوونە هۆی توڕەبوونی ئەوان. ئەو قسەیە کۆنە سەربازەکانی رەنجاند و بووە هۆی نەفرەت و بێزاریان بەرامبەر بە سۆسیالیستەکان.

جگە لەوەش سۆسیالیستەکان رووبەڕووی دژایەتی رۆژ بەرۆژ زیاتری جەماوەری خەڵک بوونەوە، چونکە ئەوان کەرەستەی مانگرتنیان بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانیان بەکاردەهێنا. ئابوری ئیتالیا بە درێژایی جەنگ و دوای جەنگ زیانی گەورەی بەرکەوتبوو و مانگرتنەکانی ئەوان دەبووە هۆی هەڵاوسانی ئابوری زیاتر.

زۆربەی ئیتالیەکان رووی توڕەبوونەکەی خۆیان کردە سۆسیالیستەکان، لەو نێوەندەشدا فاشیستەکان پێیانوابوو، پێویستە حکومەت هێزی کار و پیشەسازی لەئەستۆ بێت و کۆتایی بە هەڕەشەکانی مانگرتن بهێنێت و بەڵێنی ئەوەیان دەدا دیسیپلین دەگەڕێننەوە ناو وڵات.

لە پانزەی نیسانی ساڵی (1919)دا گروپێک لە ئاردیتیەکان هێرشیان کردە سەر نوسینگەی رۆژنامەی ئاڤانتی و کاولیان کرد. توندوتیژی بە خێرایی پەرەیسەند و ئاژاوە و بشێوی شەقامەکانی گرتەوە، ئەگەرچی مۆسۆلۆنی لە بشێویەکاندا بەشدار نەبوو، بەڵام بە دەستپێکی شۆڕشی فاشیستەکانی وەسفدەکرد.

مۆسۆلۆنی لە کاردانەوەی دەرنجامی بشێویەکانی فاشیستەکان ئەزمونی زۆری بەدەستهێنا، تێگەیشت کە پۆلیس لەگەڵ ئاردیتیەکان لێکتێگەیشتنێکی زیاتری هەیە تاوەکو سۆسیالیستەکان. ئەگەری دەستگیرکردن و هێرشکردنە سەر سۆسیالیستەکان لەلایەن پۆلیسەوە زیاترە تا ئەندامانی ئاردیتی، فاشیستەکان دەیانتوانی تەنها بە هێرشکردنە سەر نەیارانیان ببنە حزبی سەرتر.

دوای ئاژاوە و بشێویەکانی میلان مۆسۆلۆنی لقی ئاردیتی تایبەت بە خۆیی دامەزراند. بە پارەیەک کە لە رێگای رۆژنامەکەیەوە دەستی دەکەوت، چەک و تەقەمەنی پێوستی بە ئەندامەکانی دابینکرد. زۆری پێنەچوو کە نوسینگەکانی رۆژنامەکەی وەکو جبەخانەی لێهات.

مۆسۆلۆنی لەکاتێکدا هەوڵیدەدا نەیارەکانی بە پشتبەستن بە هێز لە گۆڕەپان دەربکات، بڕیاریدا لە هەڵبژاردنیشدا بەشداریبکات. لە رابردودا دەیوت پێویستە حکومەت بە زەبروزەنگ بڕوخێت، پێیوابوو گۆڕان بە ئەندامبوون لە پەرلەماندا نایەتە دی، بەڵام لە ئێستادا پێیوابوو پێویستە ئەو کارە بکات و لە رێگەی چوونە پەرلەمانەوە هەوڵی گۆڕینی حکومەت بدات.

مۆسۆلۆنی لە شانزەی نۆڤەمبەری ساڵی (1919) بوو بە کاندیدی پارتی فاشیست لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بەڵام کاندیدی پارتی سۆسیالیست بە(160) هەزار دەنگ لە بەرامبەر(4637)دەنگ بە ئاسانی ئەوی رووبەڕووی شکست کردوە. سەرباری بەرزبوونەوەی نارەزاییەکان لە دژی سۆسیالیزم لە ئیتالیا، سۆسیالیستەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (1919)دا زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمانیان بە دەستهێنا، فاشیستەکانیش هیچ کورسیەکیان بە دەستنەهێنا.

بەڵام ئەو پرۆسەیە زۆر بە زوویی گۆڕدرا، لە هاوینی ساڵی (1920) سۆسیالیستەکان هەوڵەکانیان بۆ دەستگرتن بە سەر کارگەکاندا دەستپێکرد و لە هەوڵەکانیاندا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر بۆ کرێکاران مانگرتنی گەورەتریان رێکخست. جۆڤانی جۆلیتی سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا خاوەن کارگەکان و نوێنەرانی یەکێتیە کرێکاریەکانی لە شاری رۆم بانگهێشتی گفتوگۆ کرد. جولیتی لەگەڵ خاوەن کارگەکان قسەی کرد، بۆ ئەوەی موچەی کرێکاران زیادبکەن و رێگەی بەشداریکردن لە هەندێک بەرپرسیارێتی و بەڕێوەبەرایەتیدا بە کرێکاران بدەن. سود دابەزی و بووە هۆی دابەزینی بەهای پشکەکانی ئیتالیا.

ئەگەرچی لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە زیاتر لە چینەکانی تر زیانیان بەرکەوتبوو، هەرەسهێنانی بازاڕی پشکەکان ململانێی نێوان چینی مامناوەند و چینە باڵاکانیشی توندکردەوە. خەڵک پیشە و پاشەکەوتەکانی خۆیان لە دەستدا، زۆرێک لە ئیتالیەکان بۆ چارەسەری کێشەکانیان روویان کردە پارتی فاشیست.

مۆسۆلۆنی ئامانجەکانی پارتەکەی بە پەرەپێدانی تۆقاندنی خەڵک پێشخست. وڵاتانی جیهان نیگەرانی پەرەسەندنی کۆمۆنیزمی روسیا بوون دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە رژێمی کۆمۆنیستیدا هەموو زەوی و ماڵ و کارگە و پیشەکان سەر بە حکومەت بوو. خەڵکی روسیا ئازادی ئاینیان نەبوو و نەیاندەتوانی بەو جۆرەی کە دڵخوازی خۆیانە ژیان هەڵبژێرن. مۆسۆلۆنی پەرەی بەو نیگەرانیە دەدا و دەیوت حکومەتی ئیتالیا توانای رووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزمی نییە.

هەندێک لە سۆسیالیستەکانی ئیتالیا کۆمۆنیزمیان بە رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ وڵاتەکەیان دەزانی. لەو بڕوایەدابوون کە کۆمۆنیزم کۆتایی بە ململانێی چینە کۆمەڵایەتیەکان دەهێنێت، ئیتر هەژار و دەوڵەمەند نامێنێت، هەموان پێکەوە یەکسان دەبن. لە ئەنجامدا ئەو کەسانەی کە لە کۆمۆنیزم دەترسان دەیانویست

سۆسیالیزمیش لەناو ببەن. لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی (1921) ئەسکۆئادریستی – دەستوپێوەندە تورەکانی هاوشێوەی ئاردیتیەکان – لە دژی سۆسیالیستەکان دەستیاندایە توندوتیژی. هۆڵی کۆبوونەوەکان و نوسینگەی رۆژنامەکانیان سوتاند، هێرشیان کردە سەر هەندێک لە سۆسیالیستەکان، تەنانەت چەندین کەسیان کوشت. هەندێک لە ئیتالیەکان لەو بڕوایەدابوون کە ئەسکۆئادریستی هەر ئەو کارانە دەکات کە لە توانای حکومەتدا نییە، واتا پاراستنیان لە مەترسی کۆمۆنیزم.

مۆسۆلۆنی لەوانەیە بڕوای بەوە نەبووبێت کە بە راستی کۆمۆنیستەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ئیتالیا بە دەستەوە بگرن. هەرچەند زۆر لەوە دەترسا کە سۆسیالیستەکان لەگەڵ جولیتی سەرۆک وەزیران هاوپەیمانی پێکبهێنن و حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنن. ئەگەر حکومەت بگەڕایەتەوە سەر رێڕەوی دروستی خۆی و ژیانی هاووڵاتیانی ئاسایی بکردایەتەوە، خەڵک لە دەسەڵات رازی دەبوون. مۆسۆلۆنی لەوە دەترسا ئەوە بە مانای مردنی پارتی فاشیست بێت کە لە سەر بنەمای توڕەیی و ترس دامەزرابوو.

مۆسۆلۆنی بۆ رێگرتن لە هاوپەیمانی نێوان جولیتی و سۆسیالیستەکان، خۆی لە ساڵی (1921)دا پێشنیاری هاوپەیمانی بە جولیتیدا.

ئەو هەنگاوەی بووە هۆی توڕەبوونی هەندێک لە فاشیستەکان کە بە هیچ شێوەیەک ئامادەی هاوکاری لەگەڵ حکومەتدا نەبوون، بەڵام مۆسۆلۆنی بەلایەوە گرنگ نەبوو. ئەو کارە رۆڵی سەرکردایەتی ئەوی بەرجەستەکرد و پێیوابوو زۆربەی فاشیستەکان پشتیوانی لێدەکەن. لەلایەکی دیکەوە جولیتیش لەو بڕوایەدابوو کە هاوپەیمانی لەگەڵ فاشیستەکان دەبێتە مایەی خۆشحاڵی ئەو گروپە مەترسیەکانیان لە دژی دەسەڵات کەمدەبێتەوە.


مۆسۆلۆنی لەکاتی وتارداندا

جولیتی داوای لە پاشاکرد پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە و فەرمانی هەڵبژاردنی پێشوەختی دەرکرد مۆسۆلۆنی لە شاری میلان جارێکی تر بوو بە کاندیدی پەرلەمان. لەسەرتاسەری ئیتالیا هەڵبژاردن بە توندوتیژی و هەڕەشە لە دەنگدەران دەستیپێکرد. لە هەندێک شوێن ئەسکۆئادریستیەکان ڕێگەیان بە بانگەشەی هەڵبژاردنی سۆسیالیبستەکان نەدەدا، پۆلیس هاوکاری سۆسیالیستەکانی نەدەکرد، بەڵام بە پێچەوانەوە ئۆتۆمبیل و چەکی بە ئەسکۆئادریستەکان دەدا.

سەرباری ئەوەی جولیتی حەزی لە توندوتیژی نەبوو، ڕێگری لەو هەنگاوانە نەدەکرد، سۆسیالیستەکان دیسان بە(122)نوێنەرەوە براوەی هەڵبژاردنەکە بوون، بەڵام(35)فاشیست لەوانە مۆسۆلۆنی چوونە پەرلەمانەوە. بەمجۆرە سەرباری ئەوەی کە پارتی فاشیست کەمینە بوو، دەیتوانی لە حکومەتدا کاریگەر بێت. مۆسۆلۆنی و فاشیستەکانی تر دوایی بوون بە نوێنەری پەرلەمان و خاوەنی حەسانەی پەرلەمانی.

(8)

## مۆسۆلۆنی لە دەسەڵاتدا

لە پانزەی حوزەیرانی (1921) مۆسۆلۆنی لە سەر کورسی نوێیەرایەتی پەرلەمان دانیشت و زۆر بە زوویی بوو بە مایەی دەردیسەری و کێشە، ئەو بە توندی دژی بوونی «فرانچسکۆ میسانۆ»ی کۆمۆنیست بوو لە پەرلەماندا. مۆسۆلۆنی کە لەو سەردەمەدا خاوەنی حەسانەی پەرلەمانی بوو فاشیستەکانی تری بە دەرکردنی فرانچسکۆ لە بینای پەرلەمان هاندا و فاشیستەکانیش فەرمانەکەی مۆسۆلۆنیان جێبەجێکرد و بە زۆر میسانۆیان لە پەرلەمان کردە دەرەوە و پاش تف لێکرنێکی زۆر دەرگاکەیان لە سەری داخست. ئەگەرچی ئەرکی گاردی پاشایەتی پارێزگاریکردن لە پەرلەمانتاران بوو لەو بارەیەوە بێدەنگ بوون.

نوێنەرە کۆمۆنیستەکانی دیکە بە توڕەبوونەوە داوای دەرکردنی فاشیستەکانیان لە پەرلەمانکرد، لە دەنگدان لە سەر ئەو بابەتە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان یەکگرتووبوون، بەڵام نوێنەرانی دیکە لە بەرژەوەندی فاشیستەکان دەنگیاندا، زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیان بە دەرکردنی میساینۆدا، ئەو کارەش بووە مایەی سەرسوڕمانی نوێنەرە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان.

مۆسۆلۆنی بەوەوە نەوەستا، لە یەکەمین وتاری پەرلەمانیدا هێرشی کردە سەر سۆسیالیستەکان و لەو بڕوایەدابوو کە پێویستە ئیتالیەکان دەست لە هەندێک لە ئازادیەکانیان هەڵبگرن و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێن. وتی، دیکتاتۆرێک دەتوانێت دیسیپلین و ئاسایش و ئارامی بگەڕێنێتەوە ئیتالیا، مۆسۆلۆنی ئامادەکاری کردبوو و لەو بڕوایەدابوو، کە زۆر بە زوویی خەڵک لە ڕاستی هەڵوێستەکانی تێدەگەن.

لە مانگی تەموزدا جولیتی لە پۆستی سەرۆک وەزیران کشایەوە و پۆستەکەی بە ئەیوانۆ بۆنۆمیدا. یەکەم هەنگاوی بۆنۆمی لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا بانگهێشتکردنی سەرجەم نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان و یەکێتیە کرێکاریەکان بوو بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنریکۆ دێ نیکۆلا سەرۆکی پەرلەمان. دێ نیکۆلا بەوە تۆمەتبارکرا کە بەنیازە هاوکاری بکات بۆ ڕێکەوتنی نێوان لایەنەکان.

ئەنجامی ئەو گردبوونەوەیە پەیماننامەی سازش بوو، لەو پەیماننامەیەدا گروپەکان سوێندیان خوارد کە توندوتیژی لە دژی یەکتری بەکارنەهێنن. مۆسۆلۆنی یەکێک لەو کەسانە بوو کە ڕێکەوتننامەکەی ئیمزا کردبوو، ئەو لەوە تێگەیشتبوو ئەگەر فاشیستەکان بیانەوێت لە نێوان خەڵکی ئیتالیاو سەرکردەکانی جیهاندا ڕێزیان لێبگیرێت دەبێت وەکو شتێکی گەورەتر لە کۆمەڵە شەڕنگێزێک بەرچاو بکەون. زۆربەی فاشیستەکان مۆسۆلۆنیان بە خیانەتکار تۆمەتبار دەکرد بە هۆی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەوە، ئەوان ڕێکەوتننامەکەیان پشتگوێ خستو درێژەیان بە توندوتیژی لە دژی سۆسیالیستەکاندا.

لە بەرامبەردا، مۆسۆلۆنی ڕەزامەندی دەربڕی لە پۆستی دوچە( ڕابەر) بکشێتەوە و بانگەوازێکی بۆ گردبوونەوەی فاشیستەکان لە ڕۆژی حەوتی نۆڤەمبەری ساڵی (1921) دەرکرد، بەڵام هەمووی ئەوانە شانۆگەری بوو، ئەو بەنیاز نەبوو دەسەڵات ڕادەست بکات، بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا سۆسیالیستەکانی بە دەستپێکردنەوەی توندوتیژی تۆمەتبار کرد، مۆسۆلۆنی بە درۆ دەیوت سۆسیالیستەکان ڕێکەوتننامەکەیان پێشێلکردوە، لە کاتێکدا فاشیستەکان پابەندی ئاشتیبوون. فاشیستەکان ئەو هەڵوێستانەی مۆسۆلۆنیان پێخۆش بوو ئەویان وەک ڕابەر هێشتەوە. لە کۆتایی ساڵی (1921)دا ژمارەی ئەندامانی پارتی فاشیست لە (20) هەزار کەسەوە بۆ (250) هەزار کەس بەرزبوویەوە.

لە شوباتی ساڵی (1922) لویچی فاکتا بوو بە سەرۆک وەزیران، ئەو شەشەمین سەرۆک وەزیرانێک بوو کە لە ماوەی چوار ساڵی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا هەوڵیدەدا جڵەوی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، بەڵام ئەویش نەیتوانی زیاتر لە ماوەی سەرۆک وەزیرانی دیکە لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە و کارێک بۆ خەڵک بکات.

مۆسۆلۆنی ئامادەی هەنگاو هەڵگرتن بوو، ئەو دەسەڵاتی فاکتای بە داڕشتنی پرۆژەی هێرشکردنە سەر دەستەی بەڕێوەبەری شارەکانی سۆسیالیستەکان لە مەحەکدا. کاتێک فاکتا لاواز بوو لە کاردانەوەکانیدا دژی ئەو هەنگاوەی فاشیستەکان، موسولینی خۆی بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆما ئامادەکرد.

ئامانجی ئەوەبوو حکومەت بڕوخێنێت و خۆی ببێتە سەرۆک وەزیران، بەڵام هیچ

کات هێرشەکەی بۆ سەر رۆما ئەنجام نەدا، حکومەتەکەی فاکتا بە هۆی پشتیوانی نەکردنی لەلایەن پاشاوە هەرەسیهێنا. پاشا سەرەتا هەوڵیدا بە پێدانی چەند پۆستێک لە کابینەدا پارتی فاشیست رازی بکات، کاتێک مۆسۆلۆنی بە کەمتر لە پۆستی سەرۆک وەزیران رازی نەبوو، پاشا لە هەڵوێستەکانی کشایەوە. مۆسۆلۆنی لە تەمەنی (39) ساڵیدا بوو بە گەنجترین سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا، دوای پێکهێنانی حکومەت بە خەڵکی ئیتالیای وت: «هەموی ئەو شتانەی لە ئێستادا نارێکن بەرەو باشی دەچن».

مۆسۆلۆنی بە توندی کاریدەکرد، هەڵبەت نەک بۆ چاکسازی لە وڵاتدا، بەڵکو بۆ پتەوکردنەوەی کۆڵەکەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە تازە بە دەستیهێنابوو. لە نێوان زۆرێک لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیدا هەوڵێکی گەورەی بۆ بونیاتنانی (30) هەزار مەزرا و کێڵگەی نوێ و (5) شارۆچکەی کشتوکاڵی لە رۆما دەستپێکرد. مۆسۆلۆنی زۆرجار لەگەڵ گروپێکی بچوک لە پاسەوانان و پەیامنێران و کامێراوانەکان لە سەر ئەو پرۆژانە ئامادە دەبوو بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی رۆژنامەکان بچوکترین هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی ئەو رومالدەکەن. هیوادار بوو بەوەی کە خەڵک لە سەرتاسەری وڵات وێنەکانی ئەو ببینن و بڕوا بکەن کە ئەو سەرقاڵی گۆڕینی ژیانیانە. مۆسۆلۆنی دەیوت: « ئێمە سەرکەوتو دەبین، چونکە کار دەکەین»

مۆسۆلۆنی لەلای خەڵکی ئیتالیا وەکو پیاوێکی خاوەن بڕوابەخۆبوو و بەهێز دەردەکەوت، ئەوان ماندو ببوون لە ئازار و نەهامەتی و هیواداربوون مۆسۆلۆنی ئاشتی و ئاسایشیان بۆ بگەڕێنێتەوە. بەڵام لە راسیتدا سەرکردە نوێیەکەیان بڕوایەکی ئەو تۆی بە خۆشبەختی خەڵک نەبوو.

ئەگەرچی رێگەی بە چوونە ناو کابینەکەی بە هیچکام لە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان نەدا، بەڵام زۆربەی

> **مۆسۆلۆنی لە تەمەنی (39) ساڵیدا بوو بە گەنجترین سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا، دوای پێکهێنانی حکومەت بە خەڵکی ئیتالیای وت: هەموی ئەو شتانەی لە ئێستادا نارێکن بەرەو باشی دەچن**

وەزیرەکانی فاشیست نەبوون. ئەو دوو ئامانجی لەو کارەی هەبوو. لەلایەک نەیدەویست هیچ فاشیستێکی تر خاوەن دەسەڵات بێت و ببێتە رکابەری ئەو، لەلایەکی دیکەش پارتەکانی دیکەی بەوە رازیدەکرد کە بەشدارن لە کابینەکەیدا و دەتوانن کاریگەربن تێیدا. جگە لەوەش زۆربەی ئەندامانی کابینەکەی ئەو بۆ یەکەم جار دەچوونە دەسەڵاتەوە، ئەو نەیدەویست ئەو کەسانە لە حکومەتەکەیدا بن کە دەیان ساڵ ئەزمونی حوکمڕانیان هەبوو. لەو بڕوایەدابوو کە کابینەی بێئەزمون لێی دەترسن و ناوێرن لە دژی خواستەکانی بووەستنەوە.

مۆسۆلۆنی لە شانزەی نۆڤەمبەری ساڵی (1922) لە یەکەم وتاری پەرلەمانیدا رایگەیاند، دەستوری وڵات هەڵناوەشێنێتەوە و بەو قسەیەش فاشیستەکانی توشی سەرسوڕمان کرد. ئەگەرچی هەڕەشەی ئەوەیکرد لە داهاتوودا ئەگەر بە پێوستی بزانێت ئەو کارە دەکات. هەڕەشەکەی کاریگەر بوو، ئەو کەسانەی

کە دژی مۆسۆلۆنی بوون، بێدەنگیان هەڵبژارد، دەترسان ئەگەر قسەیەک بکەن مۆسۆلۆنی خۆی لە شەڕی دەستور رزگار بکات حکومەتی یەکپارچەی فاشیست پێکبهێنێت و ئەوان هیچ جێگایەکیان تێدا نەمێنێت.

لە راستیدا ئەو حکومەتەی کە مۆسۆلۆنی پێکیهێنا هەر ئەوە بوو، داوای لە پەرلەمان کرد کە دەسەڵاتی دیکتاتۆرێکی پێببەخشێت بۆ ئەوەی ئیتالیا بگەڕێنێتەوە رێگای راستەقینە. تەنها سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان لەگەڵ ئەو داخوازیەی دژایەتیان کرد، بەڵام دەنگەکانیان ئەوەندە نەبوو کە تەگەرە بخاتە بەردەمی. مۆسۆلۆنی کە بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری (تەنگەتاوی) تیار ببوو لە (27) نۆڤەمبەردا پەرلەمانی هەڵپەسارد، دەستبەجێ لە دژی سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان تەواوی ئەو کەسانەی کە دژی بوون شەپۆلێک توندوتیژی خستەکار.

مۆسۆلۆنی حەوت مانگ دواتر لە شاری فلۆرانس بە کۆمەڵەیەکی وت: »پێتان رادەگەیەنم کە ئیتالیا لە پێشکەوتندایە» ئەو بەو خەڵکەی کە بە زەوق هاتبوون وتی:» قەڵمڕەوی ئیتالیا فراوان دەکات» بۆ ئەو کارەش هەوڵیدا رێکەوتننامەی وەرسای بگۆڕێت کە کۆتایی بە جەنگی جیهانی یەکەم هێنابوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە پەیماننامەی وەرسای ئیتالیای لەو قەڵمڕەوانە بێبەشکردوە کە بەر لە جەنگ بڕیاربوو پێبدرێت.

لە (27) ئابدا مۆسۆلۆنی بیانوویەکی دۆزیەوە بۆ ئەوەی دوای بەشێک لەو سەرزەمینانە بکەوێت، هەر ئەو رۆژە ژەنڕاڵێک و چوار ئیتالی دیکە لە سنوری یۆنان و ئەلبانیا کوژران. ئیتالیە کوژراوەکان ئەندامانی گروپێک بوون کە بە مەبەستی چارەسەری کێشەی سنوری سەردانی ئەو ناوچەیەیان کردبوو. ئەگەرچی حکومەتی یۆنان تەئکیدی دەکردەوە کە بکوژەکان ئەلبانین، مۆسۆلینی یۆنانیەکانی بە تاوانبار لەقەڵەمدا. داوای لە حکومەتی یۆنان کرد

بەو هۆیەوە داوای لێبوردن لە ئیتالیا بکات و باجێکی قورس بدات لە بری کوشتنەکان و بکوژەکان لە ماوەی پێنج رۆژدا بدۆزێتەوە و لە سێدارەیان بدات.

یۆنانیەکان داواکاریەکانی مۆسۆلۆنیان رەتکردەوە، وتیان پێویستە دادگا چارەنوسی بکوژەکان دیاربیکات و ئەو غەرامەیەی کە مۆسۆلۆنی داوای دەکات زۆر قورسە، پێشنیاریان کرد پرسی غەرامە رەوانەی نەتەوەیەکگرتوەکان بکرێت، مۆسۆلۆنی بە رەوانکردنی (17) کەشتیگەلی جەنگی بۆ ناوچەی کۆرفۆی یۆنان کاردانەوەی نیشاندا. حوکمڕانانی کۆرفۆی ئاگادار کردەوە کە هێزەکانی ئیتالیا بەنیازن دورگەکە داگیربکەن و پێویستە ئاڵای یۆنان بهێننە خوارەوە. کاتێک فەرمانەکەیان پشتگوێ خرا، سەربازانی ئیتالی تەقەیان بەرەو قەڵای کۆرفۆ دەستپێکرد، قەڵایەک کە نەک هەر سەربازان، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئاسایی و منداڵانی سەر بە دوو ناوەندی پەروەردەکردنی تێدا بوو.

جیهان بە نیگەرانیەوە چاودێری گۆڕانکاریەکانی کۆرفۆی دەکرد. بەرپرسانی بەریتانیا نیگەرانی ئەوە بوون مۆسۆلۆنی جەنگێکی دیکە دەستپێبکات، بەریتانیەکان هیچ گومانێکیان سەبارەت بە تواناکانی خۆیان بۆ شکستپێهێنانی مۆسۆلۆنی نەبوو، بەڵام نیگەرانی ئەوە بوون بە روخاندنی مۆسۆلۆنی حکومەتی کۆمۆنیستی بێتە فەرمانڕەوا. ئەو ترسە زاڵبوو بەسەرنیگەرانیەکانی پەیوەندیدار بە پەرپێداتی ئیمپراتۆریەتی مۆسۆلۆنیدا، کاتێک هیچ هاوکاریەکی نێودەوڵەتی نەگەیشت یۆنانیەکان ناچاربوون هەموو داواکاریەکانی مۆسۆلۆنی جێبەجێ بکەن، دوای ئەوە مۆسۆلۆنی هێزەکانی لە کۆرفۆ کشاندەوە. ئەو هەنگاوە پێگەی مۆسۆلۆنی لە ناو خەڵکی ئیتالیادا بەهێزکرد، سەلماندی کە ئەو پیاوی کردارە و دەتوانێت ئیتالیا بەرەو سەرکەوتن ببات. بێجوڵەیی و بێهەڵوێستی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە کۆرفۆ رێگای ئەوەی بە مۆسۆلۆنیدا بۆ ئەوەی وڵاتانێکی دیکە ناچار بکات بە ملکەچ بوون و پەیڕەویکردن لە فەرمانەکانی، لە جانیوەری ساڵی (1924)دا، یوگسلاڤیا شاری فیومەی بەبێ جەنگ داگیرکرد، هەروەها یۆنانیەکان رێگەیاندا بە داگیرکردنی دورگەکانی دودکانزا لەلایەن ئیتالیاوە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی پێگەی جەماوەری مۆسۆلۆنی لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی (1924)دا یاسایەکی نوێی پەسەندکرد. بە گوێرەی یاسا نوێیەکە لە بەرامبەر هەر ئەندامێکی هەڵبژێردراوی پارتی زۆرینەدا ، ئەندامێکی دیکەی ئەو پارتە لە پەرلەمان کورسیەکی دیکە بەدەست دەهێنێت. مۆسۆلۆنی کە لە پێگەی جەماوەری خۆی و تواناکانی پارتی فاشیست لە تۆقاندنی دەنگدەراندا گومانی نەبوو دڵنیابوو لەوەی کە پارتەکەی دەبێتە پارتی زۆرینە.

دوای جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی مانگی ئاپریلی ساڵی (1924) پارتی فاشیست بوو بە خاوەنی (250) کورسی و هاوپەیمانەکانی پارتی فاشیستیش (116) کورسیان بەدەستهێناوە و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانیش بوون بە خاوەنی (66)کورسی پارتی کاسۆلیکیش ( کورسی بەدەستهێنا. پیاوێک بوێرانە دژی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە وەستایەوە، جاکومۆ ماتیۆتی نوێنەری سۆسیالیستەکان داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی کرد، بەرزتر لە هاواری ئەو فاشیستانەی کە هەوڵیاندەدا دەنگی ئەو کپ بکەن، ماتیۆتی سەبارەت بە هێزی پۆلیسی نهێنی قسەیکرد کە جگە لە پاراستنی مۆسۆلۆنی، هەوڵی ترساندن و تۆقاندنی نەیارانی دەدەن. ماتیۆتی تێگەیشت کە بەو لەقاودانە لەوانەیە گیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە، بەڵام بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە نابێت بە بێدەنگ بوونی رێگا بدات مۆسۆلۆنی ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبێت، ئەو وتی: »ئێوە دەتوانن من بکوژن، بەڵام ناتوانن بیروباوەڕەکەم بکوژن«. لە رۆژی (10)ی حوزەیرانی ساڵی (1924) ماتیۆتی دوای ئەوەی بە سەختی بریندار کرا رفێندرا، شایەتحاڵێک ژمارەی ئۆتۆمبیلی رفێنەرانی بە خێرایی یاداشت کردبوو، بەڵام پۆلیس گرنگی بە شایەتحاڵەکە نەدا، دوای ئەوەی ئەندامێکی خانەوادەکەی ماتیۆتی هەڕەشەی کرد کە ئەو زانیاریانە بە رۆژنامەنوسان دەدات، بەرپرسێکی پۆلیس پشتڕاستی کردەوە کە ئۆتۆمبیلەکە پەیوەندی بە سەرنوسەری رۆژنامەی فاشیستەوە هەیە. مۆسۆلۆنی بە راوێژکارانی نزیکی خۆی راگەیاند، بە مەبەستی شاردنەوەی راستیەکان دەنگۆی هەڵاتنی ماتیۆتی بۆ دەرەوەی وڵات بڵاوبکەنەوە. مۆسۆلۆنی



مۆسۆلۆنی و هیتلەر

وتی:»ئەگەر من لەم تۆمەتە رزگارم ببێت، هەمومان رزگار دەبین بە پێچەوانەوە هەمووومان نوقم دەبین»

مردنی ماتیۆتی نەبووە هۆی روخاندنی رژێمی مۆسۆلۆنی، بەڵام دەرەنجامەکانی داوێنی ئەوی گرتەوە. لە رۆژی دوانزەی حوزەیراندا وتی، هیچ سەرەداوێکیان سەبارەت بە ماتیۆتی دەستنەکەوتووە، یەکێک لە پەرلەمانتاران هاواریکرد کە مۆسۆلۆنی لە کوشتنی ماتیۆتیدا دەستی هەبووە، سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانی دیکەش لەگەڵ ئەو نوێنەرە هاودەنگ بوون ئەوەش مۆسۆلۆنی سەرسامکرد.

تەرمی شوێنراوی ماتیۆتی مانگی ئاب لە دەرەوەی شاری رۆما دۆزرایەوە و ئەو کەسانەی کە دەستیان لە کوشتنەکەیدا هەبوو رایانگەیاند، پێیانوابووە مۆسۆلینی خوازیاری کوشتنیەتی. سەرباری ئەوەش مۆسۆلۆنی پێگەی جەماوەری لە ناو خەڵکدا لە دەست نەدا.

(9)

**مۆسۆلۆنی دیکتاتۆر**

بە درێژایی چەندین ساڵ بنیتۆ مۆسۆلۆنی بەردەوام بوو لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر. تا دەیەی ساڵی (1930) تەواوی ئەو رۆژنامانەی داخست کە لە دژی روانگەکانی ئەو بوون. مۆسۆلۆنی یاسایەکی دانابوو کە رێگەی پێدەدا نوێنەرانی نەیار لە پەرلەمان دەربکات و هەر کەسێک بە چالاکی دژە فاشیستی تۆمەتبار بوو بە بێ فەرمانی دادگا دەستگیر بکات. پۆلیسی نهێنی رێگای پێداربوو تا هەرکاتێک کەدەیویست تۆمەتباران لە زینداندا بهێڵێتەوە. ئەو هەروەها یاسایەکی دەرکردبوو کە مانگرتنی کرێکارانی قەدەغە دەکرد. زۆری نەخایاند کە پەرلەمان و دەستور هیچ کاریاییەکیان نەمابوو. هەموو دەسەڵاتەکان لە ئەستۆی مۆسۆلۆنیدا بوو. قسەکردن لە دژی بە نرخی گیان تەواو دەبوو.

بەڵام خەڵک هێشتا دەیانویست دەست لە هەندێک لە ئازادیە تاکەکەسیەکانیان هەڵبگرن بەو هیوایەی مۆسۆلۆنی دۆخی ژیانیان بگۆڕێت. مۆسۆلۆنی تەنانەت پشتیوانی کڵێسای کاسۆلیکیشی بەدەست هێنابوو. بەرپرسانی کڵێسا لەو بڕوایەدا بوون کە فەرمانڕەوایی مۆسۆلۆنی لە کۆمۆنیستەکان باشترە.

لە یانزەی شوباتی (1929)



چەند جەنگاوەرێکی مۆسۆلۆنی

دا فاشیستەکان و کاسۆلیکەکان پەیماننامەی لاترانیان ئیمزاکرد. بە پێی ئەو پەیماننامەیە، کڵێسای کاسۆلیک، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، ئیتالیا و فەرمانڕەواییەکەی بە سەر تەواوی رۆما جگە لە ڤاتیکان بە رەسمی ناسی. کڵێسا هەروەها رەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی کە بەشداری سیاسەت نەکات، لە بەرامبەردا مۆسۆلۆنیش بەڵێنیدا مەزهەبی کاسۆلیکی رۆما وەکو تەنها ئاینی رەسمی وڵات بە رەسمی بناسێت.

مۆسۆلۆنی هەروەها پێداچوونەوەی بە سیستمی پەروەردەدا کرد، لە دیسەمبەری ساڵی (1925)دا فەرمانێکی دەرکرد کە تێدا قوتابخانەکانی ناچاردەرکرد کە «ئامانجەکانی فاشیزم بکەنە سەرمەشق بۆ منداڵەکان» خوێندکاران لە هەموو قۆناغەکاندا دروشمی فاشیستیان لەبەرکرد. مێژوو و وانەکانی تریان بە تێڕوانینی فاشیستیەوە دەخوێند. جگە لەوەش، زۆربەی قوتابیەکان لە چالاکیەکانی دەرەوەی قوتابخانەی گەنجانی فاشیستدا بەشداربوون.

منداڵانی کەم تەمەن، تەنانەت چوار ساڵانیش راهێنانی سەربازیان پێدەکراو وانەی فاشیستیان پێدەوترایەوە. کوڕان لە هەشت ساڵیدا بە چەکی لاستیکیەوە کە هاوشێوەی چەکەکانی سوپای ئیتالیا بوو مەشقی سەربازیان پێدەکرا.

مۆسۆلۆنی خۆی وەکو پیاوێکی سەرنجڕاکێش و خاوەن بنەماڵە و لە هەمانکاتدا بە دیکتاتۆرێکی پۆڵاین لەقەڵەم دەدا. لە ساڵی (1929)دا ئەو و راکلە پێنج منداڵیان هەبوو لە خانوویەکی زۆر خۆش و رازاوەدا ژیانیان دەکرد. خانەوادەکەی ژیانێکی خۆش و سادەیان هەبوو. مۆسۆلۆنی خۆشەویستی و موحیبەتی بەرامبەر بە ئێدی گەورەترین منداڵی هەبوو و پەیوەندیەکی ئەوتۆی لەگەڵ منداڵەکانی تری نەبوو. جگە لەوەش، ئەو بە بەردەوامی خیانەتی بە هاوسەرەکەی دەکرد. لە پاییزی ساڵی (1933) مۆسۆلۆنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کلارتا پێتاتچی دەستپێکرد کە تا سەردەمی مردنەکەی بەردەوام بوو.

مۆسۆلۆنی بە درێژایی ژیانی لە زۆربەی خەڵک دورکەوتەوە، ئەو هیچ کات هاوڕێی نزیکی نەبوو. متمانەی بە هیچ کەسێک نەدەکرد، تەنانەت پەرەی بە سڵاوکردنی رۆماییدا بۆ ئەوەی جێگەی تەوقەکردن بگرێتەوە، چونکە بێزی لە تەوقەکردن لەگەڵ خەڵک دەهاتەوە. مۆسۆلۆنی دەیوت:» رابەر نە هاوتای هەیە، نە هاوڕێ و هیچ کەس بە مەحرەمی رازەکانی خۆی نازانێت.

سەرکردەکانی دیکەی جیهان مۆسۆلۆنیان بە وردی خستە ژێرچاودێریەوە. ئادۆلۆف هیتلەر کە لە ساڵی (1933)دا نازناوی پێشەوای ئەڵمانیای وەرگرتبوو، لە نێوان ئەو سەرکردانەدا بوو. هیتلەر و مۆسۆلۆنی بۆ یەکەمجار ساڵی (1934) لە ڤەنیزیا چاویان بە یەکتر کەوت. ئەگەرچی لەو دیدارەدا بە هیچ رێکەوتنێک نەگەیشتن، سەبارەت بە پرۆژەکانی گەشەپێدان گفتوگۆیان کرد. هەردووکیان لەو بڕوایدا بوون کە پەرەپێدانی قەڵەمڕەوی وڵاتەکەیان پرسێکی هەنوکەییە. ئەسیوبیا(حەبەشە) لەو وڵاتانە بوو مۆسۆلۆنی چاوی تەماعی تێبڕیبوو.

ئیتالیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەڵ ئەسیوبیا لەسەر دەستکەوتەکان بەشەڕهاتبوو. هەرچەند، کاتێک مۆسۆلۆنی بە فەرمانڕەوایی گەیشت پەیوەندی نێوان دوو وڵات تا رادەیەک دۆستانە بوو. لە ناوەڕاستی دەیەی (1930) مۆسۆلۆنی بڕیاریدا ئەو پەیوەندییە بگۆڕێت، ئەو بەنیازبوو تۆڵەی شکستی ئیتالیەکان لە ئەسیوبیەکان لە جەنگی (1896)دا بسەنێتەوە.

مۆسۆلۆنی وتی، هێزەکانی ئەسیوبیا هێرشیان کردوەتە سەر گروپێکی نێردراوی ئیتالیا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی نەخشەی ناوچە سنوریەکانی ئەسیوبیا لەگەڵ سۆماڵی ئیتالیا و سۆماڵ بەریتانیا رەوانەکرابوون. ئەسیوبیەکان نکۆڵیان لە وەها هێرشێک کرد و داوایان لە نەتەوەیەکگرتوەکان کرد کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام مۆسۆلۆنی ئەو رێگەچارەیەی قبوڵ نەکرد و داوای لە بەرپرسانی ئەسیوبیا کرد داوای لێبوردن بکەن و ئەنجامدەرانی هێرشەکە سزا بدەن. بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە لە قسەکانیدا جدیە، بۆیە هێزەکانی ئیتالیای لە شوباتی (1935)دا رەوانەی ئەسیوبیا کرد.

توانا سەربازیەکانی مۆسۆلۆنی بۆ دورخستنەوەی وڵاتانی دیکە لەو کێشەیەدا کاریگەر بوو، نەتەوەیەکگرتوەکان، بە قەدەغەکردنی هاوردەی شمەکی ئیتالی بۆ وڵاتانی ئەندام سزای بەسەر ئیتالیادا سەپاند. ئەو سزایانە قەدەغەی فرۆشتنی شمەک، لەوانە چەک و تەقەمەنی بە ئیتالیاشی دەگرتەوە. سەرباری ئەوەش مۆسۆلۆنی ئامادە نەبوو پاشەکشە بکات، ئەو داوای نیوەی خاکی ئەسیوبیا و هەڵوەشاندنەوەی سوپای ئەو وڵاتەی دەکرد. کاتێک ئەسیوبیا ئەو داوایەی مۆسۆلۆنی رەتکردەوە، جەنگ دەستیپێکرد. مۆسۆلۆنی بە پشتبەستن بە شانازی و سەربەرزی نیشتمانی لە وتەیەکی رادیۆییدا بە بۆنەی دەستپێکردنی جەنگەوە وتی:» ئەم لەشکرکێشیە نەک بەرەو ئامانجێکی سەربازی، بەڵکو جوڵەی یەکپارچەی میللەتە، جوڵەی(44) ملیۆن دانیشتوویە کە قوربانی رەشترین نادادپەروەری بوون: کە تەنانەت لە هەتاو بێبەشکرابوون».

سوپای ئەسیوبیا هاوشانی سوپای ئیتالیا نەبوو، سەربازانی مۆسۆلۆنی نەخۆشخانەکانیان بۆردومانکرد غازی کوشندەی لە دژی هێزە سەربازیەکان و خەڵکی بێدیفاع بەکارهێنا. لە رۆژی پێنجی ئایاری ساڵی (1936)دا ئەدیس ئابابای پایتەختی ئەسیوبیا هەرەسیهێنا. مانگی دواتر هیلا سلاسی پاشای ئەسیوبیا داوای هاوکاری لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کرد:

«من لەو 52 وڵاتەی کە بەڵێنی هاوکاریان بە ئەسیوبی دابوو بە خۆڕاگری کردن لە بەرامبەر داگیرکەراندا دەپرسم،

دەتانەوێت چی بۆ ئەسیوبیا بکەن؟.. دەپرسم نیازتان هەیە چ هەنگاوێک هەڵبگرن؟... چ وەڵامێکی ئێوە بە خەڵکەکەم بدەمەوە؟»

لێردا بوو کە ئەندامانی نەتەوەیەکگرتوەکان تێگەیشتن کە دەرنگە بۆ هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک. ئەم رووداوە بە ئیتالیا و وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئەڵمانیا و ژاپۆنی نیشاندا کە دەتوانن بەبێ ئەوەی جیهان تەگەرە بخاتە بەردەمیان، وڵاتانی دیکە داگیر بکەن. هیتلەر دەستبەجێ ئەو نیشانەیەی بەکارهێنا، لە مانگی مارسی (1936) پەیماننامەی وەرسای پێشێلکرد و هێزەکانی بە مەبەستی داگیرکردنی راینلاند، کە ناوچەیەکی بێلایەنی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا بوو رەوانەکرد. بە گوێرەی پەیماننامەکە هێزەکانی ئەڵمانیا مافی ئەوەیان نەبوو بچنە ناو راینلاندەوە. ماوەیەک دواتر لە هەمان ساڵدا هیتلەر و مۆسۆلۆنی یارمەتیان رەوانەی ژەنڕاڵ فرانسیسکۆ فرانکۆ کرد کە بە نیازبوو جڵەوی فەرمانڕەوایی ئیسپانیا بەدەستەوە بگرێت. جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا دەرفەتێکی بۆ ئیتالیا و ئەڵمانیا خولقاند بۆ ئەوەی راهێنانی رووبەڕووبوونەوە بکەن. ئیتالیا و ئەڵمانیا بە تایبەت جەنگی ئیسپانیایان بەکارهێنا بۆ ئەوەی هێزە ئاسمانیەکانیان راهێنانی بۆردومانکردنی ئامانجە ناسەربازیەکان بکەن. کاتێک فرانکۆ و فاشیستەکانی لایەنگری ساڵی (1939) کۆنترۆڵی ئیسپانیایان بەدەستەوە گرت، هیتلەر و مۆسۆلۆنی بوون بە هاوپەیمانانی نزیکی.

کاتێک ئاگری جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا لە بڵێسەدا بوو، هیتلەر لە هەوڵی داگیرکردنی قەڵەمڕەوی زیاتر و فراوانکردنی سنوری حوکمڕانیەکەیدا بوو. لە سێپتەمبەری ساڵی (1938) چاوی تەماعی بڕیە بەشی ئەڵمانی نشینی چیک و سلۆڤاکیا کە بە رۆدتەنلاند بەناوبانگ بوو. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا نێڤویل چێمبرلین بە سەختی هەوڵیدا بۆ ئەوەی زودتنلاند لە رێگەی گفتوگۆوە بخرێتە سەر ئەڵمانیا. هیتلەریش بەڵێنیدا بەو کارە رازیبێت و لەشکرکێشی نەکات. سەرباری ئەوەی کە بڕیاربوو سەرکردەکانی چیک و سلۆڤاکیا ئەو نایژیوانیە قبوڵ بکەن، بەڵام رێگەیان پێنەدرا بەشداری گفتوگۆکان بکەن. چمبرلین بە ئەنجامدانی ئەو مامەڵەیە پێیوابوو هاوکاری جیهانی کردوە بۆ ئەوەی توشی جەنگێکی نوێ نەبێت بە خەیاڵی ئاسودە و سەرکەوتوانە گەڕایەوە بەریتانیای مەزن و بە هاونیشتمانانی وت:»

هاوڕێیانی خۆشەویست... ئەمە دووەمین جارە لە مێژووی ئێمەدا کە ئاشتی لەگەڵ شانازی لە ئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوە داونینگ ستریت. من دڵنیام کە ئەو هەنگاوە بۆ رۆژگار ئاشتیخوازانەیە. لە ناخی دڵەوە سوپاستان دەکەم و ئێستا داواتان لێدەکەم بە خەیاڵی ئاسودەوە بگەڕێنەوەماڵەکانتان و بخەون.»

بەڵام هیتلەر بەنیاز نەبوو رێز بۆ ئەو رێکەوتنە دابنێت کە بە هاوکاری چمبرلین ئیمزایان کردبوو. لە (15)ی ئازاری ساڵی (1939) هێزەکانی ئەڵمانیا چیک و سلۆڤاکیایان لە بەرچاوی جیهانەوە بە تەواوەتی داگیرکرد. ئیتالیاش ئەڵمانیای کردە سەرمەشق و رۆژی حەوتی نیسان هێرشی کردە سەر ئەلبانیا و لە ماوەی یەک هەفتەدا داگیری کرد.

لە (22)ی ئایاردا هیتلەر و مۆسۆلۆنی بەڵێننامەیەکیان ئیمزاکرد کە دیکتاتۆری ئیتالیا بە پەیمانی پۆڵاینی وەسفکرد و تێیدا لەسەر ئەوە رێکەوتن کە ئیتالیا و ئەڵمانیا ببنە هاوپەیمانانی سەربازی یەکتری. هەرکاتێک یەکێک لەو (دوو) وڵاتە جەنگێکی دەستپێکرد وڵاتەکەی تر هاوکاری بکات. ئیتالیا بەکردەوە کارێکی ئەوتۆی لە دەست نەدەهات. سوپای ئیتالیا تەنها (160) هەزار سەربازی هەبوو نەک ئەو (2) ملیۆنەی کە مۆسۆلۆنی بانگەشەی دەکرد. جگە لەوە کەلو پەلە سەربازیەکانی سوپاکەی کۆن و داڕزیو بوون. مۆسۆلۆنی زوو لە هەڵەکەی تێگەیشت و پەیامێکی ئاڕاستەی هیتلەر کرد کە ئیتالیا لە چوار بۆ هەشت ساڵی داهاتوودا بۆ جەنگی گەورە ئامادە نییە. لە بەرامبەردا هیتلەر وتی ناتوانێت درەنگ بکات و ئەگەر پێویست بکات چاوەڕوانی هاوکاری لە ئیتالیا دەکات.

هیتلەر زۆر زوو دەریخست کە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە هەنوکەیەکانی خۆی پێویستی بە هاوکاری ئیتالیا نییە. لە مانگی ئابی (1939) ئەڵمانیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردنی ئیمزا کرد. ژۆزێف ستالین سەرکردەی سۆڤیەت بەڵێنیدا ئەگەر ئەڵمانیا هێرش بکاتە سەر پۆڵەندا، لەگەڵ ئەڵمانیا جەنگ ناکات. لە بەرامبەردا هیتلەر بەڵێنیدا خاکی پۆڵەندا لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیەتدا دابەش بکات. ئیتالیا هیچ بەشدارییەکی لە رێکەوتننامەکەدا نەبووە و ئەوەش مۆسۆلۆنی توڕەکردو پێی خۆش نەبوو هیتلەر بێبایەخی بکات. سەرباری ئەوەش بە هۆی ترسی لە هیتلەر بێدەنگ بوو.

لە سێپتەمبەری ساڵی (1939)دا سوپای ئەڵمانیا پۆڵەندای داگیرکرد. مۆسۆلۆنی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیدا بۆ ئەوەی لە کێشەکە بە دوربێت و وتی لەو بڕوایەدایە کە ئەڵمانیا دەتوانێت دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. بەڵام ئەوانی تر پابەندی بەڵێنیەکانیان بوون. فەرەنسا و ئەڵمانیا بەڵێنیان دابوو ئەگەر ئەڵمانیا هێرش بکات هاوکاری پۆڵەندا بکەن. کاتێک هێرشکرایە سەر پۆڵەندا فەرەنسا و بەریتانیای مەزن جەنگیان لە دژی ئەڵمانیا راگەیاند. جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد.

بنیتو موسولینی، دیکتاتور فاشیست ایتالیا، براندااوگن، ترجمە: رچا علیزادە، چاپ اول، 2000 نسخە، انتشارات ققنوس، تهران، خیابان انقلاب، خیابان شهدای ژاندارمری، شمارە 107، تلفون 66408640